ماڵپەڕە سەربەخۆکان لە نێوان گەیاندنی زانیاریی دروست و راکێشانی خوێنەردا

بەشی یەکەم

سۆران پاڵانی: مێدیا ئازادە هەر شتێک کە بۆنی بۆچوونی ئازادی لێوە هات بڵاوی بکاتەوە

عیرفان رەهنموون: هێندێک ماڵپەڕ لە لایەن رێکخراوە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ

خەلیل غەزەڵی: ئێمە دیفاع لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی دەکەین

چەواشەکاری لە گەیاندنی هەواڵ و راستییەکان بە بیروڕای گشتی، دیاردەیەکی بەرچاوە کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە سەر ماڵپەڕە ئەنترنێتییەکاندا سەریهەڵداوە. بە دەیان نموونە دەست دەکەون کە دەیسەلمێنن هەندێ جار ماڵپەڕەکان لە ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی ڕاگەیاندن لایان داوە. بە ئامانجی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی یاسا و پرێنسیپەکانی، لێرەدا چەند شارەزایەکی کاری ڕاگەیاندن لەسەر کارکردی ماڵپەڕە سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن.

"خەلیل غەزەڵی،" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی "هەڵوێست" ئامانجی سەرەکیی ماڵپەڕەکەیان بەم شێوازە دەستنیشان کرد:" ئامانجی گشتیی (هەڵوێست) باوەڕ و بانگەشەی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ نەتەوەی کورد، (وەک مافێکی سروشتیی هەر مرۆڤ و نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە)." غەزەڵی، خۆیانی بە "تەیفی تاکی چەپی سەربەخۆی کوردی ڕەخنەگر" ناساند و وتی:" ئێمە وێڕای بانگەشەی هوشیاریی نەتەوەیی سەردەمانە، دوور لە تەعەسوب و دەمارگرژی، دیفاع لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیی دەکەین و شێلگیرانە لە مافەکانی تاکی کۆمەڵ دیفاع دەکەین و دژی هەرچەشنە حورمەت شکێنییەکی تاکەکان لەلایەن هەر کەس یا ناوەندێکەوە ڕادەوەستینن"

لە دریژەدا، باس هاتە سەر هاوسەنگی لە نێوان بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەردا.

خەلیل غەزەڵی، دانی بەوە دانا کە "هیچکەس نییە حەز نەکات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خوێنەری ماڵپەڕەکەی زیاتر بێت."بەڵام وتی:"قسە ئەوەیە کە ئەو زیادکردنی خوێنەرە بە چ مەبەست و تا کام ئاست بێ. ئاشکرایە هەرماڵپەڕێکیش خاوەن ئاستێکە لە تێگەیشتن و زانیاری و لە ئەنجامدا ڕووی قسەی لە بەشێک لە کۆمەڵگەیە. ڕەنگە زۆر ماڵپەڕ هەبن کە پێیانوابێ گوێ بەو "قسە ڕووناکبیرانە" یە نادەن و بۆ هەمووان شت بڵاو دەکەنەوە."

"غەزەڵی" وای دەبینی کە:" بڵاوکراوەیەک کاتێک دەیەوێت بەشێوەیەک کاریکات کە سەرنجی هەموو کۆمەڵگە ڕابکێشێت، خۆیشی نەیهەوێ، بەرە- بەرە دەچی بەرەو بێناوەڕۆک بوون و (ئیبتزال). هەر ئێستە ئێمە کەم ماڵپەڕمان نییە کە بینەریان زۆرە، بەڵام بەداخەوە بەزۆری لەباری ڕۆژنامەوانییەوە لە ئاستی گۆڤاری (جەوانان)ی سەردەمی پاشایەتیی ئێران و (ڕەنگین) ی کوردی سەردەمی بەعس دان. ماڵپەڕمان هەیە کە تۆسقاڵێک ئاگای لە کاری ڕۆژنامەوانی و پرێنسیپەکان و تەعەهودەکانی ئەو بواڕە نییە، بۆیە لە پرۆسەی چاڵاکییدا تووشی هەڵە و حورمەتشکێنی و شێواندنی ئەرکەکانی ماڵپەڕ و ڕاگەیاندن دەبێت."

"خەلیل غەزەڵی" ئەم بەشە لە قسەکانی بەوە کۆتایی هێنا کە، ماڵپەڕی "هەڵوێست" گرینگی بە هەر دوو مەسەلەی ڕاکێشانی خوێنەر و زانیاری دروست دەدا و وتی:"ئێمە لە (هەڵوێست) دا هەوڵ بۆ هەردووکی دەدەین واتا سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدەدەین زانیاریی دروست بە خەڵک بگەیەنین، هاوکات بانگەشەی بەڕۆژ (Update) بوون دەکەین، هەوڵدەدین لە دەروونناسیی خەڵک و ئەوەی بە چ شێوەیەک دەتوانین زۆرترین کاریگەریمان هەبێ، کەڵک وەرگرین. یەک خاڵ لامان گرینگە، ئەویش ئەوەیە هیچکات ئوسووڵ و پرێنسیپەکانمان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکێکی زۆرتر پێشێل ناکەین."

هەر لەو بوارەدا، "عیرفان ڕەهنموون،" بەرپرسی کومیسیۆنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، باسی لە کارکردی خۆیان لە "کوردستان مێدیا"دا کرد و ڕایگەیاند:"ئێمە هەوڵ دەدەین زۆرتر زانیاریی دروست بە خوێنەر بدەین، نەک ئەوەیکە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆمان ڕابکێشین."

"بێهروز ئەردەڵان،" بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، چاڵاکیی ماڵپەڕەکەی خۆیانی بەدوور لە بڵاوکردنەوەی شتی ناڕاست وەسف کرد و وتی:" دەتوانم بڵێم بە دوور لە شێواندن و بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی ناڕاست، هەوڵ دراوە سەرنجی خوێنەران بۆ ڕوداوە ڕاستەکان ڕابکێشێ و تا ئێستا زانیاریی دروستی بە هاونیشتمانان گەیاندوە. هەروەها بە بڵاوکردنەوەی وتار و بابەتی بەپێز و هەواڵی جۆراوجۆری کوردستان کە سەرچاوەکانیان باوەڕپێکراون، خزمەتی بە ڕاگەیاندنی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کورد و سازمانی خەباتیش کردووە."



"فەریبۆرز کرماشانی،" بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی ئازادیی کوردستان، سوور بوو لەسەر ئەوەیکە گەیاندنی زانیاریی دروست "بۆ ماڵپەڕی pazadik، بنەما و پرسێکی نەگۆڕە" و ڕاشیگەیاند:" خوی لەخویدا زانیاری ڕاست و دروست، خوێنەری هەیە و ئێمە زانیارییەک بڵاو ناکەینەوە کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی ماڵپەڕەکەمان. لە هەمانکاتدا لە ڕێگای هەواڵەکانمان و زانیارییەکانمانەوە حەولی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرمان داوە. پاشانیش ئەو زانیارییانەی کە بەدەستمان دەگەن، لەلایان کەسانێکی جێی متمانە و باوەڕپێکراوەوە پێماندەگەن."

لە بەشێکی دیکەدا، ئەو دەستەیە لە شارەزایانی کاری ڕاگەیاندن، لە بارەی ئاکامەکانی ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە لە نێوخۆدان و دەیاننناسین کەڵک وەربگرین."

بێهروز ئەردەڵانیش لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە" یەکەم: ماڵپەڕەکە متمانەی خۆی لە دەست دەدا و خوێنەر لە خۆی دوور دەخاتەوە و دووهەمیش دەبێتە هۆی بزرکاندنی هەستی خەڵک و تاکەکان." ئەردەڵان، کارایی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرپشی بە کورت ماوە لەقەڵەم دا و وتی:" ئەو ماڵپەڕانەی کە هەواڵی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە، بە خەیاڵ دەیانهەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کەم و دیاریکراو سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ، لە درێژماوەدا گەورەترین زیانی بە ماڵپەڕ و سەرچاوەکانی گەیاندووە."

فەریبۆرز کرماشانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە"زۆر لەو هەواڵانەی بڵاوی دەکەنەوە زیاد تێگرتنی تێدایە." ئامانجی ماڵپەڕەکانیشی لەو جۆرە کارانە بەم شێوەیە دیاری کرد:" دەکرێ بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بێ. دەکرێ ئەو ماڵپەڕە لەپشت پەردەوە سەربە حیزبێکی سیاسی بێ کە ئەو حیزبەش بیهەوێ لەو ڕێگایەوە بە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی باش بە قازانجی خۆی و هەواڵ و ڕاپۆرتی ناڕاست لەسەر ڕکەبەرەکانی، لایەنگر بۆ خۆی زیاد بکا."

کرماشانی، ئاشکرای کرد کە هێندێک لەو ماڵپەڕانە لە چالاکییەکانیان" وەک پەردەیەک بۆ داپۆشینی ڕاستییەکان کەڵک وەردەگرن و دەشکرێ هی کەس یان تاقمێکی گرێ لە دڵ و نەخۆش بێ کە ژینی خۆی لە مەرگی خەڵکی دیکەدا، یان هێزی خۆی لە لاوازی کەسانی دیکەدا دەبینێ. ناوبراو سەبارەت بە ئاکامەکانی ئەو دیاردەیەش وتی:" ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی شێوانی ڕاستییەکان و بە چەواشەبردنی خەڵک بۆ ماوەیەک. ئەمەش لە درێژخایەندا بێباوەڕی لە نێو خەڵکدا لەسەر دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و بۆ ماڵپەڕەکان بەتاییەتی پێکدێنن. ئەوەش خەسارێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و قەرەبووکردنەوەی ئاسان نییە."

لە مەڕ بەرپرسیارێتی ماڵپەڕیان سەرچاوەی هەواڵەکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاستدا" سۆران پاڵانی،" خوێندکار و ڕۆژنامەوانی ئازاد لەو بارەوە وتی:"ئەگەر هاتوو سەرچاوەی هەواڵەکە ناوی خۆی درکاند، ئەوە دیارە بەرپرسیارە لێی، ئەگەر خۆیشی ئاشکرا نەکرد، ئەوە ماڵپەڕەکەیە کە لێی بەرپرسیارە."

خەلیل غەزەڵی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست وتی:" بەباوەڕی من ئەوەی کە بڵاوی دەکاتەوە، واتا ماڵپەڕەکە لێی بەرپرسیارە. چونکە ئێمە لە ڕۆژدا بەردەوام ، گوێبیستی هەواڵ دەبین و خوێنەرەکان بەردەوام پەیام دەنێرن کە سەیریش ئەوەیە هەر بەڕووی خۆیاندا ناهێنن و بە خشکە هەواڵەکە لادەبەن. لە حاڵێکدا لانی کەم دەبێ ئەوەندە بوێر بن کە پێ لە هەڵەی خۆیان بنێن و بە شێوەی شەفاف هەڵەکەیان لەگەڵ خوێنەرانی خۆیان بێننە ئاراوە."

عیرفان ڕەهنموون، بەرپرسی کومیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نایشارێتەوە کە (بە بڕوای ئەو) ڕۆژنامەوانیی ئازاد لەهیچ شوێنێکدا بوونی نییە و وتی:" من بەش بە حاڵی خۆم هیچ ڕۆژنامە و سایتێک لە هیچ شوێنێکدا بە سەربەخۆ نازانم. چونکە بە بڕوای من ئینسان ناتوانێ سەربەخۆ بێ"

بێهروز ئەردەڵان، بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ماڵپەڕەکانی بە "بەرپرسی یەکەم" لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵبەستراو و دوور لەڕاستیدا زانی و بەم شێوەیەش باسی لە هۆکارەکانی کرد:" بەڕێوەبەرانی هەر ماڵپەڕێک دەبێ پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ و زانیارییەک، بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەربکەن. لە هەمان کاتدا سەرچاوەی هەواڵیش تاوانبار و ئەگەر قانوون و یاسا بە تەواوی جێ بە جێ بکرێ، ئەوانەی هەواڵی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە...

لە ژمارەی داهاتوودا درێژەی بڵاو دەبێتەوە

هێندێکیان هەواڵن. خۆ نابێ هەرچی بەدەستمان گەیشت یا بیستمان، دەسبەجێ بیقۆزینەوە و خۆمان تۆزێک ئەملا و ئەولای بکەین و بڵاوی بکەینەوە. وەک هەر ئێستە بەشێوەی دیار هەن ماڵپەڕی وا هەواڵی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە کە زۆر ناخایەنێ دەردەکەوێ شتی وا ڕووی نەداوە.